# داهاتوویەکی تاریک

حەمەسەعید حەسەن

عەرەفات و ئەبو مازن
پێک هاتنەوە،
دوو ئیدارە ساواکەی باشووری مەزن
پێک هاتنەوە،
سەححاف و جەیشی ئیحتیلال
پێک هاتنەوە،
تەنانەت هێزی پێشمەرگە و
شۆڕەسوارەکانی ئەنفال
پێک هاتنەوە،
گوڵم ئەی تۆ
کەی دێیتەوە؟
کەی لەگەڵ من
پێک دێیتەوە؟

*

نازانم مەنسوور حیکمەت بوو
یان مارکسی بلیمەت بوو،
ڕۆژێ گوتی:
سەرمایەدار گڵکۆ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ،
هەر کامیان بووبێ غەڵەت بوو،
ئەوە نییە هێشتا زەنگین
بە نەداران پێدەکەنێ؟
ئەوە کوردە
کۆقەبری خۆی هەڵدەبەستێ،
ئەوە نییە داهاتووی خۆی
بە عێراقەوە دەبەستێ!

2003. 07. 25